


# تێکەڵەیەک ...
# لە پەشمەک و ڕۆحی هەور




ڕێگایەکی تر هەیە

خۆشترین ڕێگای دنیایە

زستانان

نەبەفر دەیگرێ

نەباران کەس دەخوسێنێتەوە

باڕەش..

سەر و کۆتەڵاکی کەس تێکنادات

ئەم بەرو ئەوبەر

هەزاران گوڵی لێدەڕوێت

تا ئەو پەڕی ئەو پەڕ

دار چرۆ دەکا

بەرد

بۆنی بوغوردی لێدێ

****

ڕێگایەکی تر هەیە

سادەترین ڕێگای دنیایە

نەغوباری هەس نە تەپوتۆز

کەس عارەقە ناکاتەوە

خۆر میزاجی  کەس ناسوتێنێ

هاوینان

تائەو سەری ئەوسەر

دار سێبەر دەکا

بەرد تەرزاوی لێدەتکێ

****

ڕێگا زۆرە و ڕێگایەکی تر هەیە

فراوانترین ڕێگای دنیایە

پڕە لە جوانی بچوک بچوک

لە ئەبەدیەتی گەورە گەورە

لەوێ

پێویست بە وێناکردنی شتەکان ناکا

وە شتێکی ئەوتۆش ڕوونادا

مەودایەکە

لە ملوێنەها نهێنی دروستبووە

کە هێمان

ناوێکیان لێنەنراوە

****

ڕێگایەکی تر هەیە

پێدەچێ

جوانترین ڕێگای دنیا بێت

پڕە لە مەل و

لە مەلائیکەی ڕەنگاو ڕەنگ

لەمناڵی ژیکەڵەی هەوری

کەلەنزمترین چڵەوە

دەفڕن بۆ بەرزترین چڵ

هەر بۆ خۆشی

لەسەر شانی ئەو پیاوانە دەنیشنەوە

کە عەورەتیان

بەگەڵایەک داپۆشیوە

بۆ هەڵمژینی ئیحساس

خۆیان لە سنگو بەرۆکی

ئەو ژنانە هەڵدەسون

کە لەشیان

بە سێویک داپۆشیوەو

هەرزان.....هەرزان

بستە و

شەراب و

جگەرە دەفرۆشن

****

ئیدی

تا چاو بڕکا ڕێگا

ڕێگا زۆرەو

ڕێگا هەیەو

من هەر لێرەم

لێرە

لەم بەستەڵەکی سەرووە

کلیل و

ڕێگاکانم لێوونبووە

لەم بەستەڵەکی سەرووە

پێوویستم

بەدرۆ لەگەڵ خۆ کردنە

پێویستم

بەخۆ خەڵەتاندنە

لێرە..

عەزیەتێکی زۆری دەوێ

تا تێدەگەم

سەعات چەندە!

چەند شەممەیەو چەندی مانگە

لێرە

تاچاو بڕکا

دەریا هەیە

ئاسمان هەیە

غەریب هەیە

تاچاو بڕکا

هەور هەیە

جەنگەڵ هەیە

بەفر هەیە

عەزیەتێکی زۆری دەوێ

تادەگەمەوە سەر ڕێ

ڕێگایەک

نیوەی لە مەڕ مەڕو

نیوەکەی دی  لە کریستاڵ

ڕێگایەک

ئەمبەری

چراخان بە قەسیدەی تازە

ئەو بەری

گەرمو گوڕ

بە حیکایەتە کۆنەکانی عەشق

ڕێگایەک

دەم گەیەنێتەوە ئەوێ

ئەوێ:

یەعنی وەتەن

کە ئەمێستا

سیخناخه له به‌هارو

شه‌پۆلانێکه له قه‌ره‌باڵخی

که ئه‌مێستا

تیکه‌ڵه‌یه‌که له فه‌وزا

ئه‌ڵڵا

چه‌ند خۆشه ئه‌وێ

چه‌ند شیرینه لام ....

****